# چەند سەرنجێکی زمانەوانی سەبارەت بە "سۆرمانجی"

بێوار ڕەسووڵ

( ١- ٢ )

## پێشەکی

فرەلەهجەییی زمانی کوردی و نەبوونی زمانێکی هاوبەش، کێشەیەکی گەورەی هەنووکەییی نەتەوەسازیی کوردە لە باشووری کوردستاندا. لە دوای سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتیی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەم کێشەیە بە چەندان ڕێگەی جیاواز هەوڵی بۆ دراوە چارەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان، خاوەنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بێت. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دراوە دوو لەهجەی سەرەکیی کوردی، کوردیی باکوور (کورمانجی) و کوردیی ناوەندی (سۆرانی) بە ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە تێکەڵ بە یەک بکرێن و زمانێکی تێکەڵی کوردی بەرهەم بێت، کە ئەم زمانە تێکەڵە، دواتر ناوی سۆرمانجی لێ نرا.

ئەم بابەتە کە سیاسەت و پلانی زمان دەگرێتەوە، سەر بە لقێکی زمانەوانییە بە ناوی زمانەوانیی کارەکی Applied linguistics. بێگومان کەسانی پسپۆری ئەم بوارە دەتوانن بە شێوەیەکی زانستی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، کەچی زۆر جار، کەسانێکی ناپسپۆر لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ لە سەر ئەم بابەتە دەدوێن، بەبێ ئەوەی هیچ تێگەیشتنێکی قووڵ و زانستییان لە زمانەوانیدا هەبێت، یان

هـەر هیچ نەبێت لـە پاشخانی کێشـە زمانییـەکان بـە ئـاگا بـن، لـەم کەناڵانـە، مێوانـداری دەکرێـن و بەبـێ شـارەزایی پـرۆژە و پلانـی زمـان، بـۆ زمانێکـی هاوبەشـی کـوردی دەخەنـە ڕوو، باسـی چۆنیەتـی دروسـتکردنی «سـۆرمانجی» دەکـەن. (١) لـە لایەکـی دیکـەوە، هـەر بـە هەمـان ئامانـج، هەندێـک نووسـەری کـورد لـە نووسـینەکانیاندا کەرەستەی ڕێزمانیـی بنزارێکـی کوردیـی ناوەندی، یـان کوردیـی باکـوور دێننـە نـاو کوردیـی ناوەندی، دەیانـەوێ بـەم ڕێگەیـە هـەردوو زار لـە یـەک نزیـک بکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە داهاتـوودا ببیـن بـە خـاوەن زمانێکـی هاوبەشـی کـوردی، چونکـە ئـەم جـۆرە هەوڵانـە لـە سـەر بنچینەیەکـی زانسـتی بنیـاد نەنـراون، جۆرێـک لـە ئـاژاوەی زمانـی دروسـت کـردووە، کـە خەریکـە زاری سـتانداردی کوردیـی ناوەندییـش، کـە تـا ڕادەیەکـی بـاش قۆناغەکانـی بـە سـتانداربوونی بڕیـوە، بێسـەروبەر دەبێـت.

لێـرەدا پرسـیارێک دێتـە پێـش، ئایـا بەڕاسـتی بـەم شـێوازە و بـەم سـادەیییە، ئـەم زارە کوردییانـە لـە یـەک نزیـک دەکرێنـەوە، تـا لـە کۆتاییـدا زمانێکـی هاوبەشـی کـوردی بـە نـاوی سۆرمانجی دروسـت بێـت؟ لـەم توێژینەوەیـەدا بـە شـیکردنەوەیەکی زمانەوانـی وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەدەینـەوە و ڕوونـی دەکەینـەوە کـە هەتـا چەنـد لـە ڕووی زمانەوانییـەوە ئـەم پرۆژەیـە زانسـتی و گونجـاوە تـا زمانێکـی وا دروسـت بکـرێ و هەمـوو کـورد لەسـەری ڕێـک بکـەون و بکـرێ بـە زمانـی هاوبەشـی کـوردی بـۆ ئاخێوەرانی هەمـوو زارەکان.

**سۆرمانجی پرۆژەیەکی سەرنەکەوتوو**

ئـەم پـرۆژە زمانەوانییـە کـە پێـی دەگوتـرێ «سـۆرمانجی» ، بابەتێکـی نـوێ نییـە، ئـەم باسـە زیاتـر لـە نیـو سـەدەیە زمانەوانـە کوردەکان قسـەی لەسـەر دەکـەن، بەتایبـەت لـە دوای دەسـتپێکی خوێنـدن لـە باشـووری کوردسـتان، ئـەم باسـە بەگەرمـی مشـتومڕی لەسـەر کـراوە، کـە چـی بکـرێ بـۆ ئـەوەی کـورد لـە باشـوور بـۆ سیسـتمی خوێنـدن یـەک زمانـی یەکگرتـووی کـوردی هەبێـت، هەروەهـا چـی بکـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەم دوو زارە سـەرەکییە کوردییـە لـە یـەک نزیـک بکرێنـەوە و یـەک زمانـی کـوردی هاوبەشـیان لـێ بەرهـەم بێـت.

لـە دوای کودەتـای ١٤ تەممـوزی سـاڵی ١٩٥٨، کـە سیسـتمی حوکمڕانیـی عێراقـی لـە مەلەکییـەوە گـۆڕی بـۆ کۆمـاری، لـە هەمـان کاتـدا چەنـد گۆڕانێکـی سیاسـی و کولتووریشـی لەگـەڵ خـۆی هێنـا، گرنگترینیـان لـە دەسـتووری نوێـی عێراقـدا، کـورد وەک نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ و هاوبەشـی نەتـەوەی عـەرەب نـاوی هـات، ئـەم مافـە دەسـتوورییە پێگـەی کـورد و زمانەکەشـی لـە عێـراق بـردە پێـش، ئەمـەش لـەم سـەردەمەدا دەسـتکەوتێکی گرنـگ بـوو بـۆ زمانـی کـوردی هاتە پێـش. سـاڵێک دواتـر، بـۆ پەرەپێدانـی خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی، بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی خوێندنـی کـوردی دامـەزرا؛ لـە پێـش ئەمـە، هیـچ دەزگایـەک و بەڕێوەبەرایەتییـەک نەبـوو لـە قوتابخانـەکان سەرپەرشـتیی خوێندنـی کـوردی بـکات، بۆیـە لـەم سـەردەمەدا دامەزراندنـی ئـەم بەڕێوەبەرێتییـە و ئـەو ئازادییـەش بـۆ بەکارهێنانی زمانـی کـوردی ڕەخسـا، هەنگاوێکـی گرنـگ بـوو بـۆ بەرزبوونـەوەی پێگـەی زمانـی کـوردی لـە کوردسـتان و عێراقـدا.

هـەر بـۆ هەمـان مەبەسـت، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ دوو جـار کۆنگـرەی ناوخۆییـی مامۆسـتایانی کـورد لـە شـەقڵاوە دەبەسـترێت، لـە

سەرانسەری باشووری کوردستاندا مامۆستایان کۆ دەکرێنەوە بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا، لەسەر پرسی زمانێکی یەکگرتوو و زمان بۆ پەروەردە قسە و وتوێژ بکەن، بەتایبەتی پرسی پێشخستنی زمانەکە کە بۆ خوێندنی هەموو بابەتەکان، لە قوتابخانەکاندا گونجاو بێت.

لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردە دەردەکرێت، کە بۆ پێشخستنی زمانی کوردی زۆر گرنگ بوون، بڕیارەکان گشتگیر و سەرانسەری بوون و زۆر بابەتی جیاوازی گرتووەتەوە وەک: زمان، ڕێنووس، ئەدەب، مێژوو، وەرگێڕان، دانانی کتێب و بڵاوکردنەوە، دانانی فەرهەنگ، پرۆگرامەکانی خوێندن لە پەروەردە، چەسپاندنی خوێندن بە کوردی لە هەموو شار و شارۆچکەیەکی باشووری کوردستاندا، نەهێشتنی نەخوێندەواری، بڵاوکردنەوەی کتێب، پێگەیاندنی مامۆستای کورد بۆ دەرسدانەوەی زمانی کوردی. لەم توێژینەوەیەدا، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە سەرنجی بدەین، بڕیاری یەکەمی کۆنگرە بوو سەبارەت بە یەکخستنی زمانی کوردی بۆ خوێندن، کە بە زۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر ئەمە دەدەن:

«شێوەی سۆران بکرێ بە بنچینەی زوبانی کوردی لە عێراقدا، وە وشەی شێوەزارەکانی دیکەی تێ بخرێ وە یاساکانی ئەوانی بەسەردا ببڕێ» (٢)

وەک دیارە لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەم جار سیاسەت و پلانی زمان بۆ باشووری کوردستان داڕێژراوە، بە تایبەت لە پرسی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بەرنامەی بۆ دانراوە کە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەم زمانە یەکگرتووە دروست بکرێ. لەم کۆنگرەیەدا پێشنیاز کراوە کە زاری کوردیی ناوەندی (کە ئەوسا پێی گوتراوە سۆرانی) بکرێ بە بنچینە بۆ ئەم زمانە هاوبەشە کوردییە و وشەی زارەکانی دیکە، بە تایبەت کوردیی باکوور (بادینی و کورمانجی) تێ بخرێ، لە هەمان کاتدا یاساکانی ئەوانی بەسەردا ببڕێ.

ئەگەر لەم ماوە مێژووییەدا، کە نزیکەی ٦٦ ساڵ بە سەر ئەم کۆنگرەیەدا تێدەپەڕێ، سەرنجی پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانەکە بدەین، دەکرێ ئەوە دەستنیشان بکەین و بزانین ئەم بڕیارە هەتا چ ڕادەیەک جێبەجێ کراوە. سەبارەت بە پلانی یەکەم کە وشەی زارەکانی دیکەی بخرێتە سەر زاری کوردیی ناوەندی، ئەم هەنگاوە هەتا ڕادەیەکی باش جێبەجێ کراوە، لە دوای شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم و هەتا ئێستاش ئەم پرۆسەیە هەر بەردەوامە، وشە و زاراوەی کوردیی باکوور لە کوردیی ناوەندی جێی دەکرێتەوە. لەم هەوڵەدا، دەکرێ ناوی هەژار موکریانی بێنین کە لەم ڕووەوە هەوڵێکی پێشەنگانەی هەبووە و لە شیعر و تەرجەمەکانی و نووسینەکانی ئەم هەنگاوەی جێبەجێ کردووە، بە زمانێک دەینووسی وشەی زارەکانی دی لە کوردییەکەی ڕەنگی داوەتەوە. دوای ئەویش شوکور مستەفا لە تەرجەمەی ڕۆمانەکاندا ئەم هەوڵەی داوە. نافیع ئاکرەیی، ئەویش وەک ئاخێوەرێکی کوردیی باکوور، کە خەڵکی ئاکرێ بوو، بە هەردوو زار دەینووسی، بەڵام کاتێک بە کوردیی ناوەندی دەینووسی بە وشەی کوردیی باکوور موتوربەی دەکرد. زۆر نووسەری دیکە لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە و لەپێناو بەرهەمهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، ئەم هەنگاوەیان بە باشی جێبەجێ کردووە. سەبارەت بە هەنگاوی دووەم داوا کراوە یاساکانی زارەکانی دیکە بەسەر کوردیی ناوەندیدا ببڕێ،

هەرچەندە ئەم خاڵە لە کۆنگرەکە بە باشی ڕوون نەکراوەتەوە کە لێرە مەبەست لە یاسا چییە، بەڵام وەک دیارە مەبەستی یاساکانی ڕێزمانە، واتە کەرەستە و پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زارەکانی دی، بەتایبەت کوردیی باکوور بخرێتە سەر کوردیی ناوەندی. ئەم هەنگاوەی دوایی کە دواتر ناوی «سۆرمانجی» لێ دەنرێ. ئەم پرۆژەیە، لەوساوە هەتا ئێستا هەرچی هەوڵی بۆ دراوە، تەنیا بە تیۆری ماوەتەوە و نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە دوای دەرچوونی بەیانی یازدەی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠، لەم ماوەیەدا، کە خوێندن بە کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی باشووری کوردستاندا لە هەموو شار و شارۆچکەکان چەسپا، کوردیی ناوەندی، زمانی خوێندنی هەموو سیستەمی پەروەردە بوو، هەر لە زاخۆوە هەتا خانەقین. کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن بەم زارە دەرچووە و لەهەمان کاتدا هەوڵ دراوە هەنگاوی یەکەم جێبەجێ بکرێ، وەرگرتنی وشەی جیاواز لە کوردیی باکوور و مورتوربەکردنی بە کوردیی ناوەندی، بەڵام بۆ هەنگاوی دووەم کەمتر ئەم کارە لە کتێبی مەنهەجیی جێبەجێ کراوە.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ جارێکی دی پرسی بەکوردیکردنی هەموو خوێندن هاتە ئاراوە، جارێکی دی کێشەی دوو لەهجەیی هاتە پێشەوە کە خەڵکی بادینان بە کام زار بخوێنن، ئەمە لە کاتێکدا لە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لە بادینان خوێندن کرایەوە بە عەرەبی، بۆیە لە دوای ڕاپەڕین، ئەم کێشەیە هاتەوە گۆڕێ کە ئاخۆ بادینان هەر بەو زارە ستانداردە کوردیی ناوەندییە بخوێنن کە لە هەر لە سەرەتاوە لە باشوور پێی خوێنراوە، یان بە شێوەزاری خۆیان بخوێنن؟ ئەوەبوو دواتر لە بادینان بڕیاریان دا بە شێوەزاری خۆیان بخوێنن.

لە ساڵی ١٩٩٨ خوێندن لە بادینان بۆ یەکەم جار بوو بە بادینی و مەنهەجی بادینی لە وەزارەتی پەروەردە چاپ کرا و نێردرا بۆ پارێزگای دهۆک. دوای جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە، ئەم جارە کێشەی جووت ستانداردی بۆ زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان هاتە پێش، کە ئەم کێشەیە هەتا ئێستا وەک خۆی ماوە، لە هەرێمێک بە دوو زار دەخوێنرێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بادینان و ناوچەکانی دی لە هەرێمی کوردستان کە بە زاری کوردیی ناوەندی دەخوێنن لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە لە یەک دادەبڕێن و بەرەو دوو زمانی سەربەخۆ دەچن، واتە جووت ستانداردی بەم شێوەیەی ئێستا هەیە، چارەسەر نییە، بۆیە پرسی زمانێکی یەکگرتوو بۆ کورد لە باشوور هەمیشە پرسێکی زیندووە و هەموو کات دەبێتەوە جێگەی باس و مشتومڕ کە لە باشوور چی بکرێ بۆ ئەوەی کورد بۆ حکوومەت و سیستەمی خوێندن یەک زمانی هاوبەشی ڕەسمی هەبێت.

یەکخستنی زمانی کوردی، بە ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە، بە تیۆری هەنگاوی بۆ هەڵێنراوە، بە وتار و توێژینەوە، چاپکردنی کتێبی ڕێزمانی تێکەڵ بە هەردوو زار. یەکێک لە کارە پێشەنگەکان کە ڕێنمایی بۆ ئەم زمانە یەکگرتووە داناوە، کتێبێکی د. جەمال نەبەزە لە ساڵی ١٩٧٦ بە ناوی «زمانی یەکگرتووی کوردی» بڵاو کراوەتەوە.(٣) لەم کتێبەدا نووسەر، ڕێزمانی کوردیی ناوەندی کردووە بە بنچینە و لە هەمان کاتدا هەندێک یاسای

رێزمانی و دەنگسازی و وشەسازی داناوە بۆ ئەوەی کوردیی باکوور لەگەڵ کوردیی ناوەندی موتوربە بکرێن و زمانێکی یەکگرتووی کوردی بەرهەم بێت، ئەم زمانە یەکگرتووەش بکرێ بە زمانی ئەدەبی نووسین بۆ هەموو کورد. دوای ئەمە، چەندان هەوڵی دی دراون، غازی عەلی خورشید لەم بارەیەوە دوو کتێبی نووسیوە: «زمانی فەرمی بۆ کوردستان»، لە ساڵی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە (٤)، «رێزمانا فەرمی» لە ساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە.(٥) لە هەردوو کتێب، کۆمەڵێک یاسای بۆ رێزمانێکی تێکەڵی هەردوو زار داناوە، بەڵام ئەم یاسایانە هەر لە دووتوێی کتێبدا مانەوە و هیچیان جێبەجێ نەکران.

## جیاوازییە ڕێزمانییەکانی کوردیی باکوور و کوردیی ناوەندی

جیاوازییە زمانەوانییەکان لە نێوان زاری هەموو زمانەکاندا هەیە، ڕەنگە لە نێوان هەندێک زار، جیاوازییەکان کەم بن، تەنیا گۆڕانیکی دەنگسازییە، کەمتر ڕێزمانییە، یانیش جیاوازی لە فەرهەنگۆکی وشەیە. زارە کوردییەکان، بەتایبەت زارە سەرەکییەکان لە هەموو ئاستەکانی زمان لەگەڵ یەک جیاوازییان هەیە.

گرنگترین جیاوازیی زمانەوانی لە نێوان دوو زاری سەرەکیی کوردی، کوردیی باکوور (کورمانجی) و کوردیی ناوەندی (سۆرانی)، جیاوازیی ڕێزمانییە. لێرەدا چەند جیاوازییەک دەخەینە ڕوو:

١) جیاوازی لە جێندەر (نێر و مێ) هەیە، لە کوردیی باکوور (کورمانجی و بادینی) بەفراوانی هەیە، بەڵام لە کوردیی ناوەندیدا نییە، تەنیا لە چەند حاڵەتێکدا بەرچاو دەکەون، نموونەی نێر و مێ لە کوردیی باکووردا: زین خوشکا میرێ بۆتانێ بوو. لێرەدا ئامراز (ا) کە بە «خوشکا» لکاوە مێیە، ئامرازی (ێ) کە بە «میرێ» لکاوە نێرە، بەڵام لە کوردیی ناوەندیدا کە نێر و مێی نییە دەبێ بە: زین خوشکی میری بۆتان بوو. لەکاتی کۆکردنەوەش لەگەڵ یەک جودان، لە کورمانجیدا بە ئامرازی (ێد - ێت- ێن ) بە کۆی نێرومێوە دەلکێن، وەک: چیایێد کوردستانێ بلندن، زارۆکێن وەلاتێ مە زرنگن. لەکاتی کۆ جیاوازیی جێندەر نامێنێ. لە کوردیی ناوەندیدا دەبێ بە: چیاکانی کوردستان بڵندن، منداڵانی وڵاتی من زرنگن. لە کورمانجی، تەنانەت ناوی شتەکانیش نێر و مێی هەیە.

٢) جیاوازی لە بکەر نادیار لە نێوان هەردوو زاردا هەیە، بۆ نموونە لە کوردیی باکوور (کورمانجی): کوڕ هاتە دیتن؛ لێرەدا بە کاری یاریدەدەری / هات/ لەگەڵ چاوگی / دیتن/، بکەر نادیار لە ڕستەکە دروست بووە، بەڵام لە کوردیی ناوەندیدا دوو حاڵەتی هەیە لە کاتی ڕابوردوو دەبێت بە: کوڕەکە بینرا؛ ڕەگی کاری / بین/ لەگەڵ پاشگری / را/، پێکەوە دەبن بە بکەر نادیار، لە کاتی داهاتووش دەبێت بە: کوڕەکە دەبینرێ.

٣) ناوی ناسراو کە لە کوردیی ناوەندیدا هەیە بە ئامرازی / ەکە/ ناوەکە دەناسرێ، وەک کوڕەکە، لەکاتی کۆی ناسراو دەبێت بە: کوڕەکان، لە کۆی نەناسراو دەبێت بە: کوڕانێک، بەڵام لە کوردیی باکووردا ئەم دۆخە ڕێزمانییە نییە.

٤) جیاوازیی لە جێناوەکانیش هەیە، لە کوردیی باکووردا جێناوە سەربەخۆکان دوو کۆمەڵەن: ئەز و من: من/ مە، تە/ وە، وی، وێ/ وان. ئەز/ ئەم، تو/هوین، ئەو/ئەو، بەڵام

لە کوردیی ناوەندیدا یەک کۆمەڵەیە: من/ ئێمە، تۆ/ ئێوە، ئەو/ ئەوان. جێناوە لکاوەکان لە کورمانجیدا دوو کۆمەڵەن، بەڵام لە کوردیی ناوەندیدا چوار کۆمەڵەن. ئەم جیاوازییانە لە جێناوە لکاوەکان، کە لێرە ناکرێ هەموویان باس بکەین، لە نێوان هەردوو زار بەڕادەیەکە، بەڕێزمان لە یەک دوور کەوتوونەوە. لە جێناوەکانی نیشانەش هەردوو زار جیاوازیی بەرچاویان هەیە. لە کوردیی ناوەندیدا: ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە، بەڵام لە کورمانجیدا: ئەڤە، ڤی/ ڤێ، ڤان، وی/ وێ، وان.

٥) کاتی داهاتوو، لە کوردیی ناوەندیدا هیچ کەرەستەیەکی ڕێزمانی نییە، بۆ نموونە: من دەچم، ئەم ڕستەیە لە هەردوو دۆخی ڕێزمانی بۆ کاتی ئێستا و داهاتوو ڕاستە، بەڵام لە کورمانجیدا جودا دەکرێتەوە و دەبێت بە: ئەز دچم، بۆ کاتی ئێستا و ئەز دێ بچم بۆ کاتی داهاتوو.

ئەم جیاوازییە ڕێزمانییانە، چەند تایبەتمەندییەکی زمانیی ئەم دوو زارەن، ئەمانە بە شێوەیەکی سروشتی بەرهەم هاتوون و ڕێککەوتنی کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی لەسەرە، هیچ کەسێک ناتوانێ دەستکاری ئەمانە بکات و بە مەیلی خۆی، بە ناوی سۆرمانجی ڕێزمانێکی هاوبەشی لێ دروست بکات.

## زمان لە تاقیگەدا دروست ناکرێ

گرنگترین هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆژەی سۆرمانجی، بۆ نەبوونی تێگەیشتنێکی زانستی لە چۆنیەتی کارکردنی زمان دەگەڕێتەوە؛ ئەوانەی پێیان وابووە بە دەستکاریی یاسا ڕێزمانییەکان، زمانێکی هاوبەش دروست دەکەن، لەوە ئاگادار نەبوون کە زمان لە تاقیگە دروست ناکرێ، ئەگەر دروستیش بکرێ، ئەوە زمانێکی دەستکردە و سروشتی نییە. زمانی سروشتی بە شێوەیەکی ڕەمەکی (عفوي) کار دەکات و گۆڕانی بە سەردا دێت. دەستکاریی مرۆڤ بۆ سیستمی زمان، بەتایبەت ڕێزمانەکەی، یەکجار سنووردارە، مرۆڤ دەتوانێ وشەی نوێ بۆ زمان دروست بکات، یان زمان پەتی بکات و وشەی بێگانەش لابەرێت و وشەی زمانەکەی خۆی لە جێگە دابنێت، هەروەها دەتوانێ ئەلفوبێ بۆ زمانەکە هەموار بکات و ڕێنووسێکی بۆ ساز بکات، ئەمانە بە پلانی زمان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ڕێی زمانناسانەوە دەکرێن، بەڵام بۆ گۆڕینی ڕێزمان و دەنگسازی، ئەمانە هیچ تاکێک ناتوانێ دەستکارییان بکات و بیانگۆڕێ، یان ئاسانیان بکات، یانیش دوو ڕێزمان لێک بدات و زمانێکی تێکەڵ دروست بکات و بیخاتە ناو کۆمەڵگەوە، چونکە ئەم گۆڕانە بە پلانی زمان لە ڕێی زمانناسانەوە ناکرێ، لە ڕێی دەسەڵاتەوەش بە بڕیارێک بە پلانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە جێگیر نابێت، ئەم گۆڕانە زمانییە پێوەندیی بە کۆمەڵگە و کولتوور و مێشکی مرۆڤەوە هەیە، چونکە پرۆسەی فێربوونی ڕێزمان لای مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەکی خۆڕسک- فیتری و سروشتی لە کۆمەڵگەکە وەری دەگرێت، نەک لە قوتابخانە فێری بێت، بۆیە هەر گۆڕانێک لە ڕێزمان، دەبێ بە هەمان پرۆسەی مەعریفیی سروشتی تێپەڕێت و بە ملیۆنان خەڵک ئەم گۆڕانە وەرگرێت و بەکاری بێنێ. زمان یەک کەس بەرهەمی ناهێنێت، هەموو کۆمەڵگە لە بەرهەمهێنان و پێشخستنی بەشدارە، هەر گۆڕانێک لە زمان بە سەدان ساڵ دەخایەنێت هەتا کەرەستەیەکی ڕێزمانی، یان دەنگێک

دەگۆڕێت و لە زمانەکە دەچەسپێ. (٦)

ئەو لقە زمانەوانییەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەم گۆڕانە زمانییە دەکات پێی دەگوترێ «زمانەوانیی مێژوویی Historical linguistics» یان «زمانەوانیی بەراوردکاری Comparative linguistics»، چونکە باسی مێژووی گۆڕانی زمان دەکات و لەگەڵ زمانانی دیکەش بەراوردی دەکات و جیاوازییەکانیان نیشان دەدات. لەم زانستە زمانییەدا، زمان وەک بوونەوەرێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ کە بە قۆناغی پەیدا بوون و گۆڕان و گەشەکردندا تێدەپەڕێ و کامڵ دەبێ، ئەم گۆڕانە زمانییە ئەوەندە لەسەرخۆیە، مرۆڤ هەستی پێ ناکات، لە هەمان کاتدا هەر گۆڕانێکیش لە زمان دەبێ ڕێککەوتنی هەموو کۆمەڵگەی لە سەر بێت، واتە هەموو کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی بە شێوەیەکی سروشتی ئەم زمانە گۆڕاوە قبووڵ بکەن و بەکاری بێنن، ئەوجا ئەو گۆڕانە لە زمانەکە دەچەسپێ. ئەگەر بە پلانی زمانیش بێت لە ڕێگەی دەزگایەکی زمانەوانییەوە ڕێنمایی دەرچێت و داوا بکرێت دەنگێک لە زمانی ستاندارد لا بچێت، یان زیاد بکرێت، ئەمەش پرۆسەیەکی یەکجار قورسە هەتا هەموو نووسەران لە نووسین پێی پابەند دەبن.

**پەراوێز و سەرچاوە:**

١- محەمەد جەلیزادە بەم دواییە لە ڕادیۆی ڕووداو، لە بەرنامەی پۆدکاستی خەڵک و خاک، بە ناوی «چۆن زمانێکی یەکگرتوو (سۆرمانجی) دروست بکرێت»؟ وەک پسپۆرێکی زمانەوانی قسە دەکات و چەند ڕێنماییەک دەدات بۆ بەرهەمهێنانی ئەم زمانە سۆرمانجییە، کە هیچیان زانستی نین. بۆ بینینی تەواوی بەرنامەکە بڕوانە ئەم لینکەی خوارەوە:

https://youtu.be/cCwxnOT3Tlw?si=ZT-B1rv9NkKVhr8K_

٢- کۆنگرەی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل٥١.

٣- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بامبێرگ، ١٩٧٦.

٤- غازی عەلی خورشید، زمانی فەرمی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٥- غازی عەلی خورشید، ڕێزمانا فەرمی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

6 - Tore Janson, The History of Languages: An Introduction, Oxford university press, Oxford, 2013, p. 6 – 13.

bul, 2018.